# ڕێگای دڵبەر

گوڵچنێک لە ئامۆژگاریەکانی

## شێخی ئەکبەر (ئیبن عەرەبی)

وەرگێڕان :

هەژیر ئیسماعیل لالە ئەحمەد

ئەکادیمیای زانستی کوردی
Kurdish Science Academy

# ڕێگای دڵبەر

(گوڵچنێک لە ئامۆژگاریەکانی شێخی ئەکبەر موحیەدینی ئیبن عەرەبی)

**وەرگێڕان :** هەژیر ئیسماعیل لالە ئەحمەد

**ناوەند :** ئەکادیمیای زانستی کوردی

**ساڵی بڵاوکردنەوە :** ٢٠٢٥

ئەکادیمیای زانستی کوردی
Kurdish Science Academy

# پێشەکی

## بسم الله الرحمن الرحيم

اللهُمَّ صَلِّ على سَيِّدِنا مُحَمَّدٍ الوَصــفِ وَالوَحْيِ وَالرِّسَالَةِ وَالحِكْمَةِ وَعَلى آلِهِ وَصَحـبِهِ وَسَلِّمْ تسليماً

ئەم کتێبە پوختەیەکە لەو ئامۆژگاریانەی کە شێخی ئەکبەر و ڕێنیشاندەری ڕێگای دولـبەر حەزرەتـی شـێخ محیـدین ئیـبن عەرەبـی ئەندەلوسـی لە کتێبـی (الوصـایا) ئامـاژەی پێـداوە و ڕێگـایەکە بـۆ خۆشگوزەرانی و بەدەستهێنانی ڕەزامەنـدی خـودا و سـەربەرزی و سـەرفرازی ، شـێخ ئیـبن عەرەبـی تێڕوانینەکانی بۆ هەموو بابەتێک زۆر تایبەت و جیاوازترە لە هەموو فەیلەسـوف و زانـا و دانـایەکی تر

تێبینی : ئەو کتێبەی بەکارهاتووە بۆ ئامادەکردنی ئەم کتێبە بریتیە لەم سەرچاوەیە :

[كتاب الوصايا ، تأليف : الشيخ الأكبر محي الدين إبن عربي ، الإشراف العلمي : أ.د.علي جمعة ، مصر :القاهرة - مؤسسـة إبـن العربي للبحوث و النشر و دار الوابل الصيب ، ٢٠٢٠]

**هەژیر**

## پوختەیەک لە ژیاننامەی شێخ ئیبن عەرەبی

**{سەرچاوەی ژیاننامە : شمس المغرب سيرة الشيخ الأكبر محيي الدين ابن عربي و مذهبه ، د.محمد علي حاج يوسف ، فصلت للدراسات و الترجمة و النشر – حلب ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٦}**

شێخی ئەکبەر موحیەدینی ئیبن عەرەبی ناوی موحەمەدی کوڕی عەلی کوڕی موحەمەدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی عەبدوڵلای حاتەمی طائییە ، نەوەی عەبدوڵای کوڕی حاتەمە کە برای عودەی کوڕی حاتەمە کە هاوەڵی پەیامهێنەر بوو (سەڵەوات لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی) ، شێخ ئیبن عەرەبی پێی دەوترێت موحیەدین و باوکی عەبدوڵلا و باوکی ئەبوبەکر و دەناسرێتەوە بە حاتەمی و تائی و ئیبن عەرەبی و سوڵتانی خوداناسان و پێشەوای گوێڕایەڵانی خودا و گۆگردی سور و شێخی ئەکبەر (شێخی هەرەمەزن – زانای هەرەمەزن)

لە شاری مرسیە لە ئەندەلوس لەدایکبووە لە ساڵی ٥٦٠ کۆچی بەرامبەر بە ١١٦٥ زاینی (٢٦-٧-١١٦٥) و پاشان کۆچی کردووە بۆ ئیشبیلیە ساڵی ١١٧٢ و بۆماوەی نزیکەی بیست ساڵ لەوێ ماوەتەوە کە چەند جارێک لەوێوە چووەوە بۆ مەغریب و تونس ، پاشان کۆچ دەکات بەرەو حەز ساڵی ١٢٠١ و ئیتر ناگەڕێتەوە بۆ ئەندەلوس ، ماوەیەک لە میسر ماوەتەوە و پاشان ڕۆیشتووە بۆ مەککە و لەوێ ماوەتەوە بۆ خوداپەرستی و وانەوتنەوە لە مزگەوتی حەرام کە تێیدا خودا چەندین زانستی پیرۆزی بەسەر دەڕژێنێت و لە کتێبەکەی بەناوی فتوحاتی مەککی تۆماری دەکات

پاشان ڕۆیشتووە بۆ عێراق و هاتووەتە بەغداد و موسڵ پاشان بە وڵاتی ڕۆمدا گەشتی کردووە و ماوەیەک لەوێدا ماوەتەوە و ڕێزێکی زۆری لێ نراوە لەلایەن کیکاوس کە پادشایان

بوو ، دوای چەند گەشتێک بۆ عێراق و میسر و سوریا و فەلەستین ، لەکۆتاییدا جێگیر دەبێت لە دیمەشق ساڵی ١٢٢٣ و لە ڕێکەوتی (٩-١١-١٢٤٠) کۆچی دوایی دەکات و جەستەی پیرۆزی لەسەر شاخی قاسیون بەخاک دەسپێردرێت ، پاشان سوڵتان سەلیم ساڵی ١٥١٦ کاتێک دیمەشق دەگرێت مزگەوتێکی گەورە لەسەر گۆڕی پیرۆزی دروست دەکات

شێخ موحیەدین زانستی قورئانی لە ئیشبیلیە خوێندووە لەلای شێخ ئەبوبەکری کوڕی خلف بە هەر حەوت خوێندنەوەکە و وانەکانی شیکردنەوە (تەفسیر)ی خوێندووە لە چەند زانایەکەوە لەوانەش :

- ئەبوبەکر موحەمەد بن ابي جمره
- ئیبن زرقون
- ابي محمد عبدالحقی ئیشبیلی ئەزدی
- ئەبو قاسمی خزستانی
- ابي الحسن بن ابي نصر

شێخ موحیەدین توانایەکی ناوازە و بێوێنەی هەبوو لە زانستی تەسەوف و دەیان نامە و نوسراوی لەسەر ئەم بابەتە هەیە و بەپێی وتەی عەبدولڕەحمانی جامی خاوەنی کتێبی "نفحات الأنس" ژمارەی بەرهەمەکانی شێخ موحیەدین دەگاتە زیاتر لە پێنج سەد کتێب (٥٠٠) ، یەکێک لەو بەرهەمانە و گرنگترینیان بریتیە لە کتێبی "فتوحاتی مەککی" کە گرنگترین بەرهەمە لە مێژووی ئیسلامدا و بەڵکو تەنانەت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا

یەکێکی تر لە بەرهەمەکانی بریتیە لە تەفسیری قورئان کە خاوەنی کتێبی "فوات الوفیات" دەڵێت کەوا ژمارەیان گەیشتۆتە ٩٥ بەرگ ، هەروەها تەفسیرێکی قورئانی هەیە کە تەفسیری مەزنی پێ دەڵین و کاتێک نوسی بەردەوام بوو هەتا گەیشتە ئایەتی "وعلمناه من لدنا علما" (واتا ئێمە زانستی خوداییمان پێ بەخشی) و لە شیکردنەوەی ئەو ئایەتەدا بوو کە کۆچی دوایی کرد

هەروەها کتێبی "فصوص الحکم" ی هەیە کە لە سەرەتاکەی دەڵێت کەوا پەیامهێنەر (سەڵەوات لەسەر خۆی و بنەماڵەکەی) ی دیوە لە خەودا و کتێبێکی پێ داوە و فەرموویەتی کە ئەم کتێبە بخاتە بەردەست خەڵک بۆ ئەوەی لێی سودمەند ببن ، ئەویش کتێبەکەی بەو شێوەیە نوسیوەوە بەبێ ئەوەی هیچ زیاد و کەمی لێ بکات

هەروەها کۆمەڵە بەرهەمێکی تریش لەوانە :

- محاضرة الأبرار
- إنشاء الدوائر
- عقلة المستوفز
- عنقاء المغرب في صفة ختم الأولياء و شمس المغرب
- ترجمان الأشواق
- التدبيرات الإلهية في إصلاح المملكة الإنسانية
- مواقع النجوم و مطالع أهلة أسرار العلوم
- الجمع و التفصيل في حقائق التنزيل

- الجذوة المقتبسة و الخطرة المختلة
- كشف المعنى في تفسير الأسماء الحسنى
- المعارف الإلهية
- الإسرا إلى المقام الأسرى
- مشاهد الأسرار القدسية و مطاله الأنوار الإلهية
- الفتوحات المدنية
- الأحاديث القدسية

## بەهێزی یەکگرتن :

گورگ تەنها ئەو مەڕانە دەخوات کە لە کۆمەڵەی مەڕەکان دووردەکەونەوە ، ئەوەتا کەسێکی دانا پێش مردنی ، منداڵەکانی کۆ دەکاتەوە و چەند دارێکیان پێکەوە دەداتێ و دەڵێت : بیشکێنن ، کەسیان ناتوانن بیشکێنن ، پاشان دارەکان دابەش دەکات بەسەریان و هەریەکەیان دارێکی پێ دەبێت و پاشان باوکەکە دەڵێت بیشکێنن ، ئەوکات ئەوان دەیشکێنن

باوکەکە دەڵێت پەند لەم بەسەرهاتە ئەوەیە کە ئەگەر پێکەوە بن و پشتی یەک بگرن ئەوا کەس پێتان ناوێرێت و تێکناشکێن ، ئەگەریش لەیەک جیا ببنەوە ئەوا زۆر بەئاسانی پەرش و بڵاو و پەرتەوازە دەبن و دوژمن لەناوتان دەبات

## ئەنجامدانی تاوان و شاهیدی شوێن و ئەندامەکانی جەستە لەسەر مرۆڤ :

ئەگەر لە شوێنێک تاوانت ئەنجام دا ، ئەوا ئەو شوێنە بەجێ مەهێڵە هەتاکو پەرستشێکی بۆ خودا تێدەکەیت ، چونکە وەک چۆن ئەو شوێنە شایەتی دەدات لەسەر تاوانەکەت ئاوهاش شاهیدی دەدات لەسەر پەرستشەکەت ، پۆشاکەکەشت بەهەمان شێوە ئەگەر بێفەمانیت تێدا کرد ئەوا یادی خوداشی تێدا بکە

دڵنیابەرەوە لەوەی جەستەت خاوێنە و لەشت گران نییە کاتێک سمێڵ یان قژ یان نینۆک دەبڕیت ، چونکە دواتر پرسیاری لێ دەکرێتەوە کە لە چ بارێکدا تۆی بەجێ

هێشـــتووە ، کەمتـــرین پەرستشـــیش کە بتوانیـــت لەو کـــاتەدا بـــیکەی ئەوەیە کە داوا بکەیـت خـودا تەوبەکەت قبـوڵ بکـات ، هەرکـات تاوانـت ئەنجـام دا ڕاسـتەوخۆ تەوبە بکە و یادی خودا بکە و داوای لێخۆشبوون بکە

ئەوەتـا پێغەمـبەر (سـەڵەوات لەسـەر خـۆی و بنەمـاڵەکەی) دەفەرموێـت : "چـاکە بـکەن لەدوای خراپەکـاری تـا بیسـڕێتەوە" ، بەڵام ئەوە بـزانە کە کـام چـاکە دەکەیـت لە پێوەری تەرازوودا کە خراپەکان هاوسەنگ بکاتەوە

## گومانی باش بردن بە خودا :

هەمیشـە گومـانی بـاش بە خـودا بـبە ، نەوەک لە گومـانێکی خراپـدا بیـت و لەو سـاتەدا بمریـت ، بەمەش لەسـەر گومـانی خـراپ بە خـودا دەمریـت ، گـوێ بەوە مەدە کە کـێ لە ژیانتـدا یـاخود دوای مردنـت دەڵێـت کەوا گومـانی خراپـت بەخـودا بـردووە ، ئەوەی گرنگە خۆت گومانت باش بێت بە خودا نەک خەڵک کە چی دەڵێن

گومـــانەکەت بە خـــودا بـــا بەشـــێوەیەک بێـــت کە بزانیـــت کەوا خـــودا لێبـــوردەیە و لێخۆشـبووە ، وەک خـــودا خـــۆی داوایکـــردووە لە بەنـــدەکانی کە زیادەڕۆییـــان کـــردووە کەوا بێهیوا نەبن لە بەزەیی و ڕەحمەتی خودا

## یادکردنی خودا و بەرهەمەکەی :

پێویستە یادی خودا بکەیت لە ئاشکرا و پەنهاندا ، لە تەنهایی خۆت و لەناو خەڵکدا ، کاتێک تۆ بە بەردەوامی یادی خودا بکەیت لە هەموو حاڵەتێکدا ئەوا دڵت ڕۆشن دەبێت بە ڕووناکی یادکردنی خودا ، خوداش بەو ڕۆشنایی و ڕووناکیە شتە شاراوە و پەنهانەکانت بۆ دەردەخات ، گەورەترین یاد یادی خودایە لە هەموو حاڵەتێکدا

## خۆت لە خودا نزیک بکەرەوە بە پەرستش و گوێڕایەڵی :

باوەڕداری نزیکترین و گەورەترین ڕێگایە لەلای خودا و بنچینەی هەموو شتێکە کە لەسەری دابمەزرێت

## بەرەنگاربوونەوەی حەز و ئارەزووەکان :

هەردەم حەز و ئارەزووەکانت بەشێوەیەک پەروەردە بکە کە بۆ ئەنجامدانی کاری چاکە بێت ئەگەر تەنانەت ئەنجامیشی نەدەیت ، هەرکات حەز و ئارەزووت شتێکی خراپی پێ وتیت ئەوا لەپێناو خودا وازی لێ بهێنە ، ئەگەر ویستت چاکەیەک بکەیت وەک لە فەرموودە هاتووە

واتا ئەگەر نیەتەکە هەبوو بەڵام ئەنجامت نەدا ئەوا بە یەک چاکە پاداشت دەدرێیتەوە ، بەڵام ئەگەر ئەنجامت دا بە دە ئەوەندە پاداش دەدرێیتەوە ، خۆ

ئەگەر لەو چاکەکاریـــانە بێــت کە دەمێنێـــتەوە و بەردەوام دەبێـــت ئەوا پاداشـــتی کەسەکەش بەردەوام دەبێت هەتا ڕۆژی دوایی

## ڕستەی ڕزگاربوون و باشترینی یادەکان :

باشـترینی یادەکـان بـریتیە لە وتنـی (لا إلــه إلا اللــه) ئەم ڕسـتەیە پێکهـاتووە لە نەفـی کـردن (لا إلــه) و جێگیـر کـردن (إلا اللــه) ، تەنهـا ئەو کەسـانە لەم وشـەیە تێـدەگەن کە کـێش و قورسـییەکەی بـزانن ، چـونکە ئەم وشـەیە بـریتیە لە یەکخـوا پەرسـتی ، خـۆ ئەگەر هاوشـێوەی هەبـووایە ئەوا دوو و سێشـی بەدوا دەهـات ، هـیچ شـتێک نیـیە کـێش و قورساییەکەی وەک ئەم یادە بێت یان زیاتر

هەر بـۆیە بـووەتە ڕێگـر لەوەی ئەم ڕسـتەیە بچێـتە لایەکـی تەرازوو ، بەڵام دەبینـین زانـا ڕووکەشـیەکان وای دەبیـنن کە مـرۆڤ یـان یەکخـودا پەرسـتە یـان هاوەڵـدانەر ، بـۆیە پێیـان وایە تەنهـا یەکخواپەرسـتیە لەلایەکـی تەرازوو و لەلایەکەی تـر هاوبەشـی و هاوەڵــدانان هەیە ، بەڵام لای ئــێمە بەو شــێوەیە نیــیە ، ئەوەتــا لە فەرمــوودەی قودســـیدا هـــاتووە کەوا : (ئەگەر هەر حەوت ئاســـمانەکە و ئەوەی جـــگە لە مـــن دروسـتیان کـردووە و هەرحەوت زەویەکە وئەوەی جـگە لە مـن دروسـتیان کـردووە تێیـدا لەلایەکـی تەرازوو بـبن و لا إلــه إلا اللــه لەلایەکـی تــر ، ئەوا لا إلــه إلا اللــه لایە قورسەکە دەبێت)

بــۆیەش باســی ئاســمانەکان و زەوی کــراوە چــونکە ئەوە ئەوپەڕی دونیــایە هەتــا دەگــاتە (سـدرة المنتهـی) ، کــاتێکیش خــودا لە فەرمــوودەکە فەرمــوویەتی (ئەوەی جـگە لە مــن دروســتیان کــردووە) ئەمە ڕوونە کە جــگە لەخــۆی کەســی تــر ناتوانێــت هــیچ دروست بکــات ، خــۆ ئەگەر بە قســەی زانــا ڕووکەشــەکان بــوایە کە (ئەوەی جــگە لە مـن دروستیان کردووە) مەبەست لێی هاوەڵ و هاوبەش بێت

ئەوا دەبـــوو ئەو لایەی تەرازووەکە قورســـــتربێت کە هـــــاوەڵیەکەی تێـــدایە چـــــونکە لەولایە (لا إلــه إلا الله)شــی تێــدایە ، خــۆ ئەگەر دونیــا لەو تەرازووە لابــبەین و تەنهــا هاوەڵــدانان دابنێــین لەلایەک ئەوا ئەولایە قورســتر دەبێــت چــونکە (لا إلــه إلا الله)شــی لەگەڵــدایە و لاکەی تــر بەتــاڵە ، هەربــۆیە مەبەســت لە فەرمــوودەکە ئەوەیە کە تەنهــا خــودایە دروســتکارە و جــگە ئەو کەســی تــر نیــیە ، بەردەوام بە لەســەر وتنــی (لا إلــه إلا الله) چونکە یادکردنەوەی هەرە گەورەی خودایە

## خۆشویستنی دۆستانی خودا :

نەکەی دژایەتــی ئەهلــی "لا الــه الا اللــه" بکەیــت چــونکە ئەوانە دۆســتانی خــودان ، چــونکە ئەوان ئەگەر بە قەبــارەی هەمــوو زەوی تــاوان بــکەن بەڵام هــاوەڵ بــۆ خــودا دانەنــێن ئەوا کە دەچــنەوە خــزمەت خــودا لێیــان دەبورێــت ، هەرکەســیش ببیــت بە دۆستی خودا ئەوا حەرامە دژایەتی کردنی

خۆ ئەگەر بۆت یەکلا بووەوە ئەو کەسە هاوەڵدانەرە بۆ خودا ، ئەوەی لەسەر تۆیە تەنها بێبەری کردنی خۆتە لە بیروباوەڕەکەی ، لەکاتێکدا تۆ نازانیت کە لە دڵەکاندا چی هەیە ، بۆیە دژایەتی هیچ بەندەیەکی خودا مەکە ، ئاگاداربە لەو حەدیسە قودسیەی خودا دەفەرموێت : (هەرکەس دژایەتی دۆستانی من بکات ئەوا جەنگی لەگەڵ هەڵدەگیرسێنم)

وەها مامەڵە لەگەڵ بونەوەران و بەندەکانی خودا بەبێ جیاوازی بکە کە بە بەزەیی و بە ڕەحمانە بێت ، چونکە خودا خۆی وەک چۆن ڕزق و ڕۆزیان دەدات ئەگەرچی تەنانەت هاوەڵیش دابنێن ، ئەوە خۆدا خۆشی دەزانێت کەوا ئەو ڕزق و ڕۆزیەی ئەوان تێیدان لە ڕێی هاوەڵدانەرەکانەوە بۆیان نەهاتووە بەڵکو هەر لەڕێی خوداوە هاتووە ، خۆت بە خودا بسپێرە

بزانە کەوا پێویستە بەزەییت هەبێت بە هەموو بونەوەران و ئاژەڵان ، مەڵێ ئەمە ڕووەکە و ئەوە بێگیانە بۆیە باش و خێریان تێدا نییە ، بەڵێ ئەوانیش چاکەیان تێدایە

## باشترین ڕێگاکانی نزیکبوونەوە لە خودا :

پێویستە ئەوەی خودا بۆتی داناوە کە ئەنجامی بدەیت بەو شێوەیە ئەنجامی بدەیت کە خۆی فەرموویەتی ، کاتێک ئەو فەرزانەت ئەنجام دا ، ئەوکاتە کاتت دەبێت بۆ

ئەنجامــدانی پەرستشــە زیادەکــان ، ئەوە بــزانە کەوا ئەنجامــدانی ئەوانەی لەســەرت پێویسـت و فەرزن دەتگەیەنـن بە پـلەیەک کەوا دەبیـتە بیسـتن و بینینـی خـودا و لەڕێـی تـۆوە دەبیسـتێت و دەبینێـت {تێبینـی وەرگێـڕ : ئەم وشـانە مەجـازین واتـا واتاکانیـان ڕووکەش نیـیە و ئێسـتا لە بـابەتی دەسـتەکەدا ڕوون دەبێـتەوە مەبەسـتەکە کە بۆنمـونە دەست مەبەست پێی پەیمان و بەیعەتە}

دەسـتی خـودا دەبێـت بە دەسـتت وەک خـۆی فەرمـوویەتی : (إن الـذین یبایعونـک إنمـا یبـایعون اللـه یـد اللـه فـوق أیـدیهم) (واتـا ئەوانەی پەیمـان بە تـۆ دەدەن ئەوا پەیمانیـان بە خـودا داوە ، دەسـتی خـودا لەسـەر دەسـتیانە) ، لێـرەدا دەسـتەکە دەبێـت بە پەیمـان دان و ئەوەی پەیمــانی وەرگرتــووە خــودایە و ئەوەی پەیمــانی پــێ دراوە خــودایە لەڕێگــای دەســتەکانەوە ، هەمــوو ئەو هۆکــارانەی لە دونیــادا هەن بریتــی لە دەســتی خودا کە لەتوانایان هەیە هۆکاری تر دروست بکەن

ئەمەش ئەوپەڕی خۆشەویسـتیە ، تــۆ کاتێــک پەرســتش بەوە دەکەیــت کە لەســەرت فەڕزە ئەمە پێــی دەوترێــت پەرستشــی ناچــاری ، بەڵام پەرستشــی زیــاتر لەمەی فەڕزە پێـی دەوترێت پەرسشـتی ئارەزوومەنـدانە ، بـۆیە پێـی دەوترێـت زیـاتر و زیـادە چـونکە لە بنەڕەتـدا زیــادەیە هاوشـێوەی تـۆ لەم بـوونەدا ، کە خــودا بــوونی هەبــوو بەبــێ بـوونی تـۆ ، پاشـان تـۆ کە دروسـت بوویـت لە بوونـدا شـتێکی نـوێ هـاتە نـاو بـوونەوە کە بوو بە زیادە لەپاڵ هەبوونی خودادا

هەر بـۆیە تـۆ پەرستشـە فەڕزەکـان لەپێنـاو ئەو دەکەیـت و پەرستشـە زیادەکـانیش لەپێنـاو خـۆت ، پەرستشـە زیادەکـان ئەوانەن کەوا لە فەڕزەکـانەوە سـەرچاوەیان گرتبێـت ، لەلای زانـا ڕووکەشـیەکان هەر پەرستشـێکی زیـادە کە بنچیـنەی لە فەڕزەکـان نەبێت و بە سـەربەخۆیی دانرابێـت ئەنجـام بـدرێت بە بیـدعە و زیـادکراو لە ئاینی دادەنێن

لەکاتێکـدا پێغەمبەرمـان (سـەڵەوات لەسـەر خـۆی و بنەمـاڵەکەی) ئەوەی لای ئەوان بیـدعە و زیـادکراوە بە سـونەتێکی بـاش (سـنة حسـنة) داینـاوە کەوا هەرکەس ئەنجـامی بـدات ئەوا پاداشـتی خـۆی و ئەوانەی دوای خۆیشـی بـۆ دێـت بەبـێ ئەوەی لە پاداشـتی هیچیان کەم بکات

## بەها و نرخی وشە :

پێویسـتە ئاگـات لە قسـەکانت بێـت وەک چـۆن ئاگـات لە کردارەکـانتە ، چـونکە قسـەکانت بەشـێکن لە کردارەکانـت ، وەک خـودا دەفەرموێـت : (مـا یلفـظ مـن قـول إلا لدیـە رقیـب عتیـد) (واتـا هەر شـتێک بڵێـت ئەوا فریشـتەکانی کە چـاودێری دەکەن دەینوسـن) ، پێغەمـبەر (سـەڵەوات لەسـەر خـۆی و بنەمـاڵەکەی) گـاڵتەی دەکـرد بەڵام هەر ڕاسـتیەکانی دەوت ، ئەو ڕاسـتیانە بڵـێ کە خـودا ڕەزامەنـد دەبێـت پێـی ، ئەوەش بـزانە کە مەرج نیـیە ئەوەی ڕاسـتی بێـت خـودا پێـی ڕازی بێـت ، ئەوەتـا هەواڵ بـردن و هێنان ڕاستە و زەمکردن ڕاستە بەڵام خودا پێی ڕازی نییە

## بەسەرکردنەوەی نەخۆش :

بـــزانە کە بەســـەرکردنەوەی نەخـــۆش چەنـــدین پەنـــد و وانەی بـــۆت تێـــدایە ، کە نەخۆشـــەکە لەو حـــاڵە پەرێشـــانە دەبینیـــت ، خـــودا بەبیـــرت دەهێنێـــتەوە کە مـــرۆڤ چەنـــدە لاوازە و بنچیـــنەی تـــۆیە ئەو لاوازیە ، بـــۆ ئەوەی لەبەردەم خـــودادا بێدەســـەڵات بیت و خودا هێز و دەسەڵاتت بداتێ بە گوێڕایەڵ بوونی

دیـوتە نەخـۆش سـەرەڕای نەخۆشـیەکەی هەر یـادی خـودا دەکـات و لەگەڵ خـودادایە جـا هەر نەخۆشـیەکی هەبێـت و ئەگەر تەنـانەت چەنـدین دەرمـانیش بخـوات ، بـۆیە هەرگیـــز لە خـــودا بێئاگـــا نابێـــت ، بـــۆیە ئامـــادەبوونی خـــودا لەوێـــدایە وەک ئەو حەدیســـە قودســـیەی باســـکراوە : (بەنـــدەکەم نەخـــۆش کەوتـــم بـــۆچی نەهـــاتی بـــۆلام ، وتیـان خـودایە چـۆن نەخـۆش دەکەویـت ؟ فەرمـووی نەخـۆش نەکەوتـم بەڵام بەنـدەیەکم نەخۆش کەوت ، ئەگەر بچونایە بۆلای منتان لای ئەو دەدۆزیەوە)

کە دەبیسـتی کەسـێک برسـیە یـان پێداویسـتی هەیە ، دەبینیـت بە دەنگـی بەرز دەڵێـت : (خـــودایە بمـــدەرێ) ، تەنهـــا نـــاوی خـــودایە کە بەدەمیـــدا دێـــت و تەنهـــاش بـــۆ ئەوە دەنگـی بەرزکـردووە کە تـۆ ببیسـتیت و پێـی بـدەیت ، بەنـاوی خـودا نـاوت دەهێنێـت و هانـــات بـــۆ دەهێنێـت بە دەنـگ بەرزکـردنەوە و پـاڕانەوە لە خـودا ، هەرکەس تـۆی بە گەورەی خـــۆی دانـــا پێویســـتە بێبەشـــی نەکەیـــت و پێـــی ببەخشـــیت ، چـــۆن هاوکاریـــان ناکەیـــت لەکاتێکـــدا بوویـــت بەو کەســـەی پێداویســـتیان جێبەجـــێ بکەیـــت بەوەی خـــودا تۆی کردووە بە جێگەداری خۆی

ئەگەر داوات لێکـرا بـۆ پێداویسـتیەک ئەوا ئەگەر هیچیشـت لەدەسـت نەهـات وتەیەکـی جـوانی پـێ بڵـێ ، بە ڕوویەکـی گەشـەوە کە لەوانەیە بەو ڕووەوە بگەیـتەوە بەخـزمەت خودا

حەزرەتـی حەسـەن و حوسـەین (سـەلامی خودایـان لەسـەربێت) کاتێـک کەسـێک دەهـات بۆلایـان و داوایەکـی هەبـوو ، بەپەلە بەدەمـیەوە دەچـوون و بۆیـان جێبەجـێ دەکـرد و دەیـانفەرموو : (بەخێربێـت ئەو کەسـەی قورسـایی ڕۆژی دواییمـان هەڵـدەگرێت) ، ئەمەش چـونکە مرۆڤەکـان لە قیـامەت هەرچیـان هەبێـت و هەڵگرتبێـت لێپێچینەوەیـان لـێ دەکرێـت لەسـەری ، هەر بـۆیە دەیـانفەرموو کەوا ئەوەی پێداویسـتیەکی هەیە هەڵگری قورساییەکەیانە لە ڕۆژی دواییدا

## زوڵم و ستەم و زۆرداری :

نەکەن هەرگیـز سـتەم لە بەنـدەکان بـکەن ، هەرچیـان ویسـت بۆیـان جێبەجـێ بـکەن ، خـۆ ئەگەر لەتواناتـان نەبـوو وتەیەکـی جوانیـان پێشـکەش بـکەن چـونکە بەبـێ هۆکـار خـودا گـوێی ئێـوەی نەکـردۆتەوە بـۆ بیسـتنی داواکاریەکانیـان ، یـاخود گەر دڵنیـا بـویتەوە کە بەتەواوەتـی هیچـت لەدەسـت نـایەت ئەوە دەکرێـت نـزا و پـاڕانەوەیەکی چاکی بۆ بکەیت

خــۆ ئەگەر هــیچ لەمــانە نەکەیــت ئەوا تــۆ بەشــێکیت لەو کەســانەی ســتەمیان لەم خــاوەن پێداویســتیە کــردووە ئەگەرهــاتوو مــرد ، خــۆ ئەگەر نەمــرد و کەســێکی تــر ئەم پێداویســتیەی بــۆ جێبەجێکــرد ئەوا بــارگرانیەکەی لەســەر تــۆ لادەبــات ، ئەوەی ڕێیــی ونکــردووە داوای ڕێگــای ڕاســت دەکــات ، ئەوەی برســیەتی داوای خــواردن دەکــات ، ئەوەی بــێ پۆشــاکە داوای پۆشــاکێک دەکــات کە لە ســەرما و گەرمــا بیپارێزێــت و دایپۆشێت ، ڕێنوێنی ئەوانە بکە کە ڕێگایان ون کردووە

ئەوەی برسیەتی تێری بکە ، ئەوەی تینوووە تینوێتی بشکێنە و ئەوەی بێپۆشاکە بیپۆشە ، و بزانە کە هەرچیەکیان لە تۆ دەواکردبێت و تەنانەت گەر هەشتبێت ئەوا تۆ هەر هەژاریت و تەنها خودا خاوەنی مولکە و پێویستی بە کەس نییە ، لەو کەسانە مەبە کە داوا لە خودا ناکەن ، ئەوەی داوا لە خودا نەکات ڕەزیلی نواندووە

## مافی زانایان و ڕەوشتبەرزی :

ئەگەر زانایەکــت بینــی کە کــاری بە زانســتەکەی نەکــرد ، ئەوا ئەو زانســتەی ئەو لەخۆتــدا بکــاربهێنە ، بەوەی گــوێی بــۆ بگریــت بــۆ ئەوەی مــافی ئەو زانــایە بــدەیت ، لەلای خــودا پــێگە و پــایەی زانســتی خــۆی دەبێــت ، پێویســتە هەمــوو ئەو شــتانە ئەنجــام بــدەیت کە دەزانیــت کەوا خــودا پێــی خۆشــە ،چــونکە کە ئەوەت ئەنجــام دا دەبیــت بە خۆشەویســتی خــودا ، نــیەت ڕوحــی بابەتەکــانە ، منــداڵ و ئــافرەت و پــارە و پــێگە چــوار هۆکارن بۆ ئاشوب و فیتنە و پێویستە مامەڵەی دروستیان لەگەڵ بکرێت

سـەبارەت بە ئـافرەت ئەوا بـزانە کە خۆشویسـتنی ئەو بـریتیە لە خۆشویسـتنی خـۆت ، چـونکە ئـافرەت لە بنەڕەتـدا لە بەشـێکی پیـاو دروسـت بـووە ،بـۆیە کە پیـاو قوڵـدەبێتەوە لە خۆشەویسـتی ئـافرەت ئەوا بەو وێـنەیە خـۆی لەودا دەبینێـتەوە کە خـودا دروسـتی کـردووە ، بەم شـێوەیە ئەگەر لە خۆشەویسـتی ئەودا فەنـا بـوو ئەوکات دەبن بە یەکێک چونکە هەرچیەک لەمدا هەیە لەویشدا هەیە

بەمەش کەسـەکە دەڵێـت : "أنـا مـن أهـوى و مـن أهـوى أنـا) (واتـا : ئەوەی مـن حەزم لێـی کـردووە و عەوداڵـی بـووم خـۆمە و خۆشـمم ئەوەی کە عەوداڵـی بـوومە) ، ئەگەرچـی وەک ئاشـوب و فیتـنە سـەیر بکـرێ ، بەڵام لەڕاسـتیدا دیـاری خـودایە کە ڕێنیشـاندەرت دەبێ بۆ دۆزینەوەی خودا

ئاشـوبی دواتـر بـریتیە لە پـلە و پـێگە ، کۆتـا شـت کە دەردەچێـت لە دڵـی ڕاسـتگۆکان لەگەڵ خـودا بـریتیە لە حەز و ویسـتی پـلە و پـایە و سـەرکردایەتی ، خـودای گەورە دەفەرموێـــت : (أَلَّا يَسْـجُدُوا لِلَّهِ الَّـذِي يُخْـرِجُ الْخَـبْءَ فِي السَّـمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَيَعْلَـمُ مَـا تُخْفُـونَ وَمَـا تُعْلِنُونَ) (النمـل – ٢٥) (واتـا : ئایـا کڕنـوش نـابەن بـۆ ئەو خـودایەی کە شـاراوەکانی ئاسمانەکان و زەوی دەردەخات و دەزانێت کە چیتان شاردۆتەوە و چی دەردەبڕن)

واتـا خـودا بە تێپەڕبـوونی کـات بەسـەر بەنـدەکان ڕاسـتی و نهێنیەکـانی خۆیـانیـان بـۆ دەردەخـات لەو نهێنیـانەی لە بەندەکانیـدا شـاردوویەتیەوە ، وەک ئەو پزیشـکەی کە

نەخۆشـێک دەبینێـت ، کەسـە نەخۆشـەکە نە خـۆی و نە کەسـانی چـواردەوری نـازانن گـرفتەکەی چیـیە ، بەڵام پزیشـکەکە ئەو نەخۆشـیەی شـاراوەیە بۆیـان دەردەخـات و ڕوونـی دەکـاتەوە ، بەهەمـان شـێوەش ئەوەی مرۆڤەکـان لە نـاخ و دڵ و ڕوحیانـدا شاراوەتەوە خودا بۆیانی دەردەخات

هەربـۆیە پێغەمـبەر (سـەڵەوات لەسـەر خـۆی و بنەمـاڵەکەی) دەفەرموێـت : (هەرکەس خـۆی بناسـێت ئەوا خـودا دەناسـێت) ، کاتێـک دۆسـتانی خـودا حەزی پـێگە و پـایە و سـەرکردایەتی لەدڵیـان دەردەکەن ئەوکـات سـەرکردەی هەمـوو جیهانیـان خـۆش دەوێـت کە خودایە و دەزانن کە بەندەی ئەون

ئاشـوبی سـێهەم بـریتیە لە پـارە ، پێـی دەوترێـت (مـال) چـونکە سروشـتی مـرۆڤ مەیلـی بـۆ دەکـات ، بـۆیە خـودا بەنـدەکانی پـێ تـاقی دەکـاتەوە ، دڵـی بەنـدەکانی خـودا بەشـێوەیەکە کە خـاوەن پارەیـان خـۆش دەوێـت و بەگەوری دەزانـن ئەگەر تەنـانەت ڕەزیلـیش بێـت ، لەوانەشـە ئەوکەسـەی پـارەی هەیە هەژارتـرین خەڵـک بێـت ، بەوەی بەو بڕە پارەیەی هەیەتی ڕەزامەند نەبێت و قەناعەتی نەبێت

زیـاتر لەوە داوا بکـات ، بـۆیە کە هەنـدێ زانـای ڕوکەش دڵیـان بەلای خـودای پـارەوە بوو لەپێناو پارە ، بەم شێوەیە حەزیان لە پارە کرد

چـوارەم ئاشـوب کە منـداڵە ، ئەمەش چـونکە منـداڵ نهێنـی بـاوکیەتی و پـارچەیەکە لە جـــگەری و نزیکتـــرین شـــتەکانە لێـــیەوە ، خۆشەویســـتنی منـــداڵ بـــریتیە لە خۆشەویسـتنی خـۆت ، خـودا تاقیـت دەکـاتەوە بە خـۆت بەڵام بە وێنەیەکـی دەرەکـی لە دەرەوەی خـۆت کە نـاوی نـاوە منـداڵ تـاکو بزانێـت هەتـا چەنـد ئەو مافـانە جێبەجـێ دەکەیت کە لەسەرتە

هەرکەس بتوانێـت هاوسـەنگی لەنێـوان ئەم ئاشـوبانە ڕابگرێـت کە گەورەتـرین ئاشـوبن و کـــاریگەری خـــودا لەســـەر ئەم بـــابەتە ڕەچـــاو بکـــات ، ئەوا ئەو کەســـە دەبێـــتە مەزنترین کەس لەنێوان هاوتوخمەکانی خۆی

## خودا تاکە و حەزی بە تاکەکانە :

وەسـیەتت بـۆ دەکەم کەوا هـیچ کاتێـک مەخەوە هەتـا نـوێژێکی تـاک نەکەیـت ، چـونکە مـرۆڤ کە دەخەوێـت خـودا ڕوحـی دەگەڕێنێـتەوە خـزمەت خـۆی بەو وێـنەیەی کە مـرۆڤ خـۆی تیـا دەبینێـت لە خەودا ، ئەگەر خـودا بیەوێـت و تەمەنـی تەواو نەبوبێـت ئەوا ڕوحی بۆ دەگەڕێنێتەوە

ئەگەر ئەجەلیشـــی هاتبێـــت ڕووحـــی دەگـــرێتەوە ، بـــۆیە واچـــاکترە مـــرۆڤ ئەوکـــاتە بـــــخەوێ کە نـــــوێژێکی تـــــاک بکـــــات ، ئەگەر ئەوەی کـــــرد و خەوت ئەوا لەســـــەر ئەنجامـدانی شـتێک خەوتـووە کە کـارێکە خـودا خۆشـی دەوێـت ، وەک لە فەرمـوودە

هـاتووە (خـودا تـاکە و حەزی بە تـاکە) ، چ پـێگەیەک لەوە گەورەتـرە کە تـاکێتی خـودا لەبەرامبەر تاکێتی نوێژەکانی تۆیە و لەو پێگەیەدایە

لە هەمـوو کارەکانتـدا تـاکێتی هەڵبژێـرە ، ئەگەر نانـت خـوارد ئەوا لە ژمـارەی تاکـدا دەسـتت بگێـڕەوە لە خـواردن ، ئەگەر ئـاوت خـوارد ژمـارەی قومەکـان بـا تـاک بـبن ، ئەگەر توشـی نـزگەرە بوویـت ئەوا حەوت قـوم ئـاو بخـۆ نامێنێـت ، مـن خـۆم ئەمەم تـاقی کـردۆتەوە ، ئەگەریـش هەناسـەت دا لەکـاتی خـواردنەوە ئەوا سێ جـار هەناسـە بـدە ، لەکـاتی هەناسـەدانیش دەفـر یـان جـامەکە لابـدە لە لای دەمـت ، ئاوهـا پێغەمـبەر (سـەڵەوات لەسـەر خـۆی و بنەمـاڵەکەی) فەرمـانی کـردووە ، ئەگەر قسـەیەکت وت بۆئەوەی خەڵک تێ بگەیەنیت ئەوا سێ جار دووبارەی بکەرەوە

## بەخشین و لێسەندنەوەی خودا :

پێویسـتە ئـارام بگریـت لەسـەر هەرشـتێک کە خـودا لێتـی دەسـتێنێتەوە یـان پێتـی دەدات ، چـونکە ئەوەی لێتـی دەسـتێنێتەوە بـۆ ئەوەی تـا ئـارام بگریـت و خۆشـتی بوێـت چـونکە خـودا ئەوانەی خـۆش دەوێـت کە ئـارام دەگـرن ، ئەگەر خۆشـی بوێیـت ئەوا مـامەڵەی خۆشەویسـت لەگەڵ خۆشویسـتراوت لەگەڵ دەکـات ، خـودا هەروەک چـۆن پێی داویت تا سوپاسگوزار بیت بەهەمان شێوەش لێتی سەندووە تا سەبر بگریت

## خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز :

قورئـــان بخـــوێنەرەوە و چێـــژ لە خوێنـــدنەوەکەی ببینـــە ، هەر ئاکـــار و فەرمایشـــتێکی جـــوانی تێـــدا بـــوو خـــۆت بەو ئاکـــارە بخـــوڵقێنە ، ئەگەریـــش ئاکـــار و فەرمایشـــتێکی خراپـــی تیـــابوو وەک لـــۆمەکردن ئەوا خـــۆتی لـــێ بپـــارێزە ، پەیـــامهێنەری خـــودا (ســـەڵەوات لەســـەر خـــۆی و بنەمـــاڵەکەی) دەفەرموێـــت (نمـــونەی ئەو بـــاوەڕدارەی کە قورئـــان دەخـــوێنێتەوە وەک لیمـــۆیەکە کە بـــۆنی خۆشـــە و تامیشـــی خۆشـــە {ئیـــبن عەرەبی دەفەرموێت : بۆنەکە خوێندنی قورئانەکەیە و تامەکە باوەڕە}

ئەو بـــاوەڕدارەی کە قورئـــان نـــاخوێنێتەوە وەک خورمـــایەکە کە تـــامی خۆشـــە بەڵام بـــۆنی نیـــیە {ئیـــبن عەرەبـــی دەفەرموێـــت : تـــامەکە لێـــرەدا بـــاوەڕە کە هەیەتـــی بەڵام بـــۆنی نیـــــیە کە ئەوەش بەهـــــۆی نەخوێنـــــدنی قورئـــــانە} ، ئەو دووڕووەشـــــی کە قورئـــــان دەخوێنێـــت نمـــونەکەی وەک ڕەیحـــانەیە کە تـــامی تـــاڵە وبـــۆنی خۆشـــە {ئیـــبن عەرەبـــی دەفەرموێت : بۆنەکە خوێندنی قورئانەکەیە و تامەکە باوەڕە کە دووڕووەکە نییەتی}

## هاوڕێیەتی کەسە چاکەکان و ئەوانەی یادی خودا دەکەن :

دابنیشـــە لەخـــزمەت ئەوانەی ســـودمەند دەبیـــت لێیـــان و ڕەوشـــتێکی جوانـــت پـــێ دەبەخشـــن ، دانیشـــتن لەگەڵ کەســـە خراپەکـــان وات لێـــدەکات گومـــانی خـــراپ بەهەمـــووان ببەیـــت ، بەڵام ئەوە بـــزانە کەوا پێویســـتە هەمووکـــات گومـــانی بـــاش بە خەڵـــک ببەیـــت ، ئەمەش واتا ئەگەر کەسێکی باشت بینی کە هاوڕێیەتی کۆمەڵە کەسێکی خراپ دەکات

گومانت بەو شێوەیە نەبێت کە ئەویش بەهۆی ئەوانەوە خراپ دەبێت ، بەڵکو پێت وابێت کەوا ئەوانەی خراپن چاک دەبن بەهۆی هاوڕێیەتیان لەگەڵ ئەو کەسە چاکە ، هەرکەس یادی خودا بکات زیندووە ئەگەر بشمرێت ، بە مردنی دانابڕێت لە یادکردنەوەی خودا ، ئەوەشی یادی خودا نەکات مردووە ئەگەر زیندووش بێت ، یادکردنەوەی خودا باشترە لە شەهید بوون

## خۆت خاوێن بکەرەوە لە ڕەزیلی و بزانە کەوا ڕزق و ڕۆزی دابەشکراوە :

هەردەم بەخشندە بە و ببەخشە ، ئەوەی لەسەرت فەرزە و ئەوەی لەسەرت زیادەیە ، چونکە ئەوەی فەرزە پێی دەوترێت زەکات و ئەوەی لەسەرت زیادەیە لە چاکەی خۆتە کە دەیکەیت ، بە بەخشینت بەوەی لەسەرت فەرزە لەسەر شێوەی زەکات ڕزگارت دەبێت لەوەی پێت بوترێت ڕەزیل و بە چاکەی زیادە پلە و پێگەت زیاتر و زیاتر بەرز دەبێتەوە ، بزانە کەوا ئەگەر ئاسمان و زەمین کۆ ببنەوە بۆ ئەوەی ببنە ڕێگر لەنێوان تۆ و ئەو ڕزق و ڕۆزیەی خودا بۆتی داناوە ئەوا ناتوانن

## تێکۆشان لەپێناو دامرکانی حەز و ئارەزوو :

پێویستە تێکۆشانی هەرە مەزن ئەنجام بدەیت ئەویش بریتیە لە بەرەنگاربوونەوەی حەز و ئارەزووەکانت کە گەورەترین دوژمنی تۆن ، نزیکترین دوژمنەکانی تۆن ، ئەم تێکۆشانە فەرز و پێویستە لەسەر هەموو مرۆڤێک و هەر مرۆڤێک تێکۆشانێکی لەم جۆرە نەکات گوناهبار و تاوانبارە

## بەرزکەرەوەی پلە و پایە و لێبووردە لە تاوان :

هەرکات دەستنوێژێکت ئەنجامدا لەو کاتانەی پێی نارەحەت دەبیت ، واتا بۆنمونە دونیا ساردە و لە ناچاری بە ئاوی گەرم دەستنوێژ دەگریت یاخود دونیا گەرمە و بە ناچاری بە ئاوی سارد دەستنوێژ دەگریت ، ئەوا نابێت نیەتی دڵت چێژ بینین بێت لەو ئاوە ساردە یان ئەو ئاوە گەرمە ، چونکە ئەوکات شوێنی حەز و ئارەزووەکانت دەکەویت ، پێویستە ئەگەر شتێکی وەهات کرد نیەتی دڵت لابردنی نارەحەتی و مەترسی بێت لەسەرت بۆ ئەوەی پادشتی لەبەرامبەردا وەربگریت

## مافی موسوڵمانان :

پێویستە ڕەچاوی مافی هەموو موسوڵمانێک بکەیت بەبێ جیاوازی ئەوەی بڵێیت ئەمەیان پلە و پایەی بەرزە و دەوڵەمەندە و ناودارە و ئەوەی تریان داماو و هەژار و نەناسراوە ، وەها تێبگە کە ئیسلام یەک مرۆڤە و موسوڵمانان پارچە و بەشەکانی جەستەی ئەو مرۆڤەن ، وەک چۆن مرۆڤ بوونی نابێت بەبێ ئەو پارچە و بەشانە کە یەکبگرن و پێکەوە خزمەت بکەن ، ئیسلامیش بەو شێوەیە

بشزانە کە پێویستە بەخشندە و میهرەبان بیت بەرامبەر بە هەموو بونەوەران جا هەرکەسێک بێت ، چونکە هەموویان بەندەی خودان و خودا دروستی کردوون تەنانەت ئەگەر بێفەرمانی ئەویش بکەن ، وەک هاتووە لە پێغەمبەرەوە (سەڵەوات

لەســـەر خـــۆی و بنەمـــاڵەکەی) کەوا ئـــافرەتێکی خراپەکـــاری بەنـــی ئیســـرائیل بەلای سەگێکدا تێپەڕی کە زمانی دەرهێنابوو لە تویتێتیدا

بـۆیە ئـافرەتەکە پـێڵاوەکەی داکەنـد و لای بیرێـک پـڕی کـرد لە ئـاو و دای بە سـەگەکە ، بەمەش خـودا لێـی خۆشـبوو بەوەی ئـاوی بە سـەگێک داوە ، بـۆیە کـاری چـاکە بـکە و گـوێ بە هـیچ مەدە ، ڕەوشـتی جـوان هەڵبگـرە ، لە خراپەکـاری بەدووربە ، نە گـوێ بە ستایشی خەڵک بدە و نەش بە لۆمەکردنیان دەرحەق بە تۆ

## نیشانەکانی کەسی دووڕوو :

ڕاســـتگۆ بـــبە ، ئەمانەتەکـــان بگەڕێـــنەوە ، دووربـــکەوەرەوە لە درۆ و خیـــانەت و شـــکاندنی پەیمـــان ،ئەگەر کێبڕکێـــت کـــرد لەگەڵ کەســـێ فێڵـــی لـــێ مەکە ، چـــونکە نیشـــانەی دووڕوو ئەوەیە کە ئەگەر قســـە بکـــات درۆ دەکـــات و ئەگەر پەیمـــان بـــدات نایبـــاتە ســـەر و ئەگەر ئەمـــانەتی لا دانـــرا نایپارێزێـــت و ئەگەر کێبڕکێـــی کـــرد فێڵبـــازی دەکات

گەورەتـــرین خیـــانەتیش ئەوەیە کە بـــۆ بـــرا و دۆســـتەکەت قســـەیەک بکەیـــت وا بتبینێـــت کە ڕاســـتگۆیت تێیـــدا و تـــۆش بەو شـــێوەیە نەبیـــت ، نەکەی هەرگیـــز پەیمـــان و بەڵـــێن بشکێنیت

## فێربوونی زانست پێویستە :

هەرکەس ئامۆژگاری ببەخشێت پێویستی بە زانستێکی زۆر هەیە ، چ زانستی شەرعی و چ زانستی دونیایی ، پەیوەندی ئاشتەوایی دروست بکە لەنێوان ئەوانەی لەیەکتر دابڕاون و لەیەکتر زویرن ، هەرکەس لە ژێر دەستت کاری دەکرد لەو خواردنەی بدەرێ کە خۆت لێی دەخۆیت ، ئەوەی پێ بپۆشە کە خۆت دەیپۆشیت ، چاوت لێی بێت

## دادوەری لەناو خەڵکدا :

ئەگەر دادوەریت ئەنجامدا لەناو خەڵکدا ئەوا بە ڕاست و دروستی ئەنجامی بدە و شوێنی حەز و ئارەزووەکانت مەکەوە با سەرت لێ نەشێوێنن ، بزانە کە ئەگەر کەسێک قسەی بۆت کرد و سەیری چەپ و ڕاستی دەکرد و نەیدەویست کەسی تر گوێی لێ بێت ، ئەوا ئەو قسانەی ئەمانەت دەبن لەلای تۆ ، نەکەی خیانەت لە ئەمانەتەکە بکەیت ، بەمەش ئەمانەتەکەت دابێتە کەسانێکی ناشایستە و لە ستەمکاران بیت بەم کارەت

## منەتکردن :

هەرکات کەسێک پێویستی بە بڕێک لە ئاو بوو ڕێگری لێ مەکە لە بەکارهێنانی ، زۆریش وریابە کە منەت نەکەیت بەسەر کەسدا لەکاتی بەخشین ، چونکە ئەوەی

مـــنەت بکـــات ســـەرچاوەکەی لە نەزانـــی کەســـی منەتکـــارەوەیە لە چەنـــد ڕوویەکەوە لەوانە :

1. وا خـــۆی دەبینێـــت کە خـــاوەنی نـــیعمەتەکەیە کە بەخشـــیویەتی ، لەکاتێکـــدا خـــودا نیعمەتەکەی دروست کردووە و هی خودایە
2. کەســـی منەتکـــار لەبیـــری دەچێـــت کەوا خـــودا منەتـــی بەســـەر ئەودا کـــردووە لەوەی پێی بەخشیوە و ئەو نیعمەتانەی پێی داوە
3. لەیـــادیکردووە کە ئەگەر شـــتێکی بە کەســـێک دا ئەوا پاداشـــتەکەی لەلای خـــودایە ، بەرامـــبەر ناتوانێـــت پاداشـــتی ئەو چـــاکەیەی بـــدات ، ئیتـــر چـــۆن دەتوانێـــت منەت بەسەر بەرامبەر بکات ؟

## نوێژەکان :

نوێژەکـــان لەکـــاتی خۆیانـــدا ئەنجـــام بـــدە و دوای مەخە ، هەرگیـــزیش پێـــت وانەبێـــت فەزڵـــت بەســـەر کەســـەوە هەیە ، بەڵکـــو فەزڵەکە لای خـــودایە کە دەیـــدات بە هەرکەسێک کە بیەوێت و خۆی خاوەن فەزڵە

## لەشگرانی :

ئەگەر لەشـــگران بوویـــت و نەتتـــوانی خـــۆت بشـــۆیت ، ئەوا بە ئـــاو دەســـتنوێژ بگـــرە یـــاخود بە تەیەمـــوم بـــکە ، ئەگەر ویســـتت بخەویـــت یـــاخود بخۆیـــت یـــاخود بخـــۆیتەوە بەڵام لەشگران بوویت ئەوا دەستنوێژ بگرە

## خواردن هێنان لەکاتی نوێژدا :

هەرگیــز نــوێژ مەکە لەو حاڵەتــانەی تەنگاویــت ، بــزانە کە ئەگەریــش خــواردن دانــرا و بــانگەواز بــۆ نــوێژ کــرا ئەوە واباشــترە ســەرەتا نــان بخۆیــت پاشــان نــوێژ بکەیــت ئەگەر هــاتوو لەو کەســانە بویــت کە دوای بــانگەکە لە خــواردنەکە بخۆیــت ئەوا بەو شــێوەیە بکە

## باشترین نزاکان :

باشــترینی نزاکــان نــزای دایــک و بــاوکە ، نــزای کەســێکە کە ســەفەر دەکــات ، خــۆت بەدوور بگــرە لە نــزای کەســی زوڵــم لێکــراو چــونکە لەنێــوان ئەو و خــودادا پەردەیەک بوونی نیە

## کاری چاکە :

ئەگەر کــاری چــاکەت کــرد ئەوا بەردەوام بــبە لەســەری ئەگەر کەمــیش بــوو ، ئەوە باشــترە ، چــونکە لە پچڕانــدنی ئەم جــۆرە کــارانە پچڕانــدنی پەیوەنــدی لەگەڵ خــودادا دێتە ئاراوە

## ڕوحەکان ئازار مەدە :

نەکەی هەرگیـــز ڕووحـــدار و گیانلەبەرێـــک ئـــازار بـــدەیت بە دەســـتت ، تەنـــانەت قوربانیەکـــانیش کە ئەنجـــامی دەدەیـــت پێویســـتە خێـــرا بـــبن و ئـــازار بەو ئـــاژەڵانە نەگەیەنن

## تەکفیر کردن :

نەکەی هەرگیـــــز بە یەکێـــک لەوانەی ڕوودەکەنە قیـــبلە بڵێیـــت کـــافر ، هەرکەس موسوڵمانێک کافر بکات خۆی پێی کافر دەبێت

## نەزانی :

نەکەی هەرگیز نەزان بیت ، نەزانی ناشرینترین ئاکارە کە مرۆڤ هەیبێت

## کاری چاکە :

ئەگەر کـارێکی چـاکەت باسـکرد یـان ئاماژەپێـدا ، ئەوا خـۆت یەکەم کەس بـبە کە کـاری پـێ بکەیـت ، یەکەم کەسـیش کە کـاری چـاکەکەی بـۆ بـاس بکەیـت خـودی خـۆتە تـاکو شـوێنی بکەوێـت ، چـونکە بـونەوەران زیـاتر سـەیری کـردار دەکەن وەک لە وتـار ، ڕێنـــوێنیکردنی خەڵـــک بە کـــردار گرنگتـــرە لە تێڕوانینـــی ئەوان وەک لە ڕێنـــوێنکردن بە

وتــار، بــبە لەو کەســانەی کە خەڵــک شــوێنت بــکەون و بەمەش ببیــتە جــێگەداری پێغەمبەران

## دەستنوێژی دووبارە :

دەســتنوێژ بەســەر دەســتنوێژ ئەنجــام بــدە ، ئەوە ڕۆشــنایی لەســەر ڕۆشــناییە ، مــن کــۆمەڵە شــێخێکم بینــی لە وڵاتــی مەغریــب کە بــۆ هەمــوو نوێژێــک دەســتنوێژیان نــوێ دەکردەوە ئەگەرچی دەستنوێژیشیان هەبووایە

## بەدەمەوەچوونی خەڵک :

پێویســتە لەســەرت لە هەوڵــی بەردەوام بیــت بــۆ جێبەجێکردنــی پێداویســتی خەڵــک ، ئــێمە کەســانێکمان دیــوە کە پێشــبڕکێیان دەکــرد لەســەر ئەو کــارە ، چــونکە باشــترین کــارە ، هەرکەس نەهــامەتی لەســەربوو هاوکــاری بــبە تــاکو تێیبپەڕێنێــت ، ئەگەر موســـوڵمانێکت بینـــی لە دۆخێکـــی خراپـــدایە و داوای ئەوە دەکـــات دایبپۆشـــیت لە هەڵەکەی ئەوا ئـــابڕووی مەبە و دایبپۆشـــە ، دەســـتی بـــرا موســـوڵمانەکەت بگـــرە هەرکـــات کەوت و ڕێگـــای نیشـــان بـــدە ، ئەمـــانە لە ڕەوشـــتە بەرز و جوانەکـــانن و شەریعەت فەرمانی پێیان کردووە

## دونیانەویستی و لێبوردەیی :

دونیانەویست ببە و پۆشاکی سادە بپۆشە ، لێبوردە ببە و ڕق و کینەت بخۆرەوە و دەری مەبڕە بەرامبەر کەس و لێیان ببورە تاکو خودا دڵت پڕ لە هێمنی و باوەڕ بکات

## هاوەڵێتی پیاوچاکان :

خزمەتی هەژاران بکە لە پێناو خودادا ، لەگەڵ داماوان دابنیشە ، نزا بۆ موسوڵمانان بکە بە تایبەتی و بە گشتی ، هاوەڵێتی دۆستانی خودا و پیاوچاکان بکە و با خۆشیان بوێیت ، لە هەموو جوڵەیەکت نیەتی چاک بهێنە تاکو پاداشتەکەی وەربگریت

## بەخشین :

هەرکەس شتێکی لێ داواکردی و لەتوانات بوو بۆی بکەیت ئەوا بیکە ، ئەگەریش لە توانات نەبوو ئەوا ئەگەر نزای بۆ بکەیت سەرەڕای نەتوانینت ئەوا ئەوەت پێ بەخشیوە کە لە توانات‌دا بووە لە بەرامبەر ئەوەی کە ئەوکەسە ویستویەتی ، چونکە خودا تەنها ئەوەندەی لە مرۆڤ دەوێت کە لە توانای هەبێت ، هەرکەس چاکەی لەگەڵ ئەنجامدایت پاداشتی بدەرەوە ئەگەر بە نزایەکەی چاکیش بێت

## درۆکردن :

نەکەی هەرگیـــز خەونـــی درۆ دروســـت بکەیـــت یـــاخود درۆ بەنـــاوی خـــودا و پێغەمـــبەرەکەیەوە (ســـەڵەوات لەســـەر خـــۆی و بنەمـــاڵەکەی) بکەیـــت ، نەکەی هەرگیـــز باسـێک بگێـڕیتەوە کە دڵنیایـت لەوەی باسـەکە درۆیە بەڵام کەسـی گـوێگر هەسـت بەوە ناکات

## ڕیبا لەبەرامبەر تکاکردن :

نەکەی هەرگیـــز دیـــاریەک وەربگریـــت لە کەســـێک کە شـــەفاعەت و تکـــات بـــۆ کـــردووە چـــونکە ئەوە لەو ڕیبـــایەیە کە پێغەمـــبەری خـــودا ڕێگـــری لـــێ کـــردووە ، ئەوەتـــا پیاوێـــک بەنـــاوی (ابـــن معتـــب) بـــانگی کـــردم بـــۆ مـــاڵەکەی لە تـــونس لە ئەفریقیـــا ، کە کەسـێکی ناودار و گەورە بوو ، منیش بەدەم بانگەوازەکەی چووم

کە چـــومە ماڵیـــان خـــواردنی پێشـــکەش کـــردم و داوای کـــرد کە لەلای پادشـــای وڵات تکـــایەکی بـــۆ بـــکەم بە حـــوکمی ئەوەی مـــن قســـەم دەڕۆیشـــت لەلای و دەیناســـیم ، منـــیش بەوە ڕازیبـــووم و هەســـتام لەســـەر ســـفرەکە بەبـــێ ئەوەی نانەکەیـــان بخـــۆم یـــاخود دیاریەکیان وەربگرم و پێداویستیەکەیم بۆ ئەنجامدا و ئەوەی دەیویست بۆی کرا

## پارە خواردن :

نەکەی هەرگیـز بەنـاوی ئـاینەوە لە دونیـا بخۆیـت ، یـاخود پـارەی هەرکەسێک بخۆیـت کە بە ترسـاندنی پارەکەیـت دەسـت کەوتبێـت ، ئـێمە لە شـێخی گەورەمـان ئەبـو حوسـەین یەحیـای کـوڕی صـائغ بیسـتوومانە لە شـاری سـبتە کاتێـک لە مـاڵی بـووین فەرمـووی : (ئەگەر لە دونیـا بخـۆم لە ڕێـگەی دەف و شمشـاڵەوە پـێم خۆشـترە و لەلام باشترە وەک لەوەی لە دونیا بخۆم لە ڕێگەی ئاینەوە)

## نەفرەتکردن :

زمانـت بگـرە لە نەفرەتکـردن هەتـا دەتوانیـت ، چـونکە هەرکەس نەفـرەت لە شـتێک بکـات و بەو شـێوەیە نەبێـت ئەوا نەفـرەتەکە بۆخـۆی دەگەڕێـتەوە ، ئەوەتـا پێغەمـبەر (سـەڵەوات لەسـەر خـۆی و بنەمـاڵەکەی) لە سـەفەردا بـوو گـوێی لە ژنێـک بـوو کە نەفرەتی لە وشترەکەی دەکرد

فەرمـانیکرد کە ژنەکە دوور بخـرێتەوە لە قـافڵەکە و فەرمـووی : (لەم گەشـتەدا نابێـت نەفرەتکارێـک هاوگەشـتمان بێـت) ، چـونکە نەفرەتکـردن واتـا دوورخسـتنەوەی خێـری بەرامبەر لە خۆت ، چونکە نەفرەتکردن بەمانای دورخستنەوە دێت

## تەکفیرکردن:

هەرگیـز باوەڕدارێـک تەکفیـر مەکە ، تەکفیرکردنـی بـاوەڕدار وەک کوشـتنیەتی ، ئەگەر لە کەسـێکیش زویـر بویـت بـا لە سـێ ڕۆژ زیـاتر زویربـوونەکە درێـژە نەکێشـێت ، ئەگەر دوای سـێ ڕۆژەکە ئەو کەسـەت بینـیەوە ئەوا تـۆ دەسـت بـکە بە سـەلامکردن بـۆ ئەوەی باشترینی دووکەس بیت کە لەیەک زویر بوونە

## ئاژەڵ بەخێوکردن:

نەکەی لـوتبەرزی و خۆپەرسـتی بنوێنیـت ، ئەگەر ئاژەڵـت هەبـوو لەوانەش ئەسـپ و حوشـتر و پشـیلە و هەر ئـاژەڵێکی تـر ، ئەوا پێویسـتە لێیـان بێئاگـا نەبیـت چـونکە ئەوان بـێ زمـانن و ئەمـانەتن بە دەسـتی تـۆوە و نابێـت بێبەشـیان بکەیـت لە پێداویستیەکانیان

## شەیتان:

فیتـنەگەرە شـەیتان بـۆیە پەنـا بەخـودا بگـرە لێـی ، وریـای دڵـت بـبە و ئەوەی بەدڵتـدا دێـت ، بە شـەریعەت ئەو شـتانەی بەدڵتـدا دێـت بیپێـوە تـاکو بزانیـت کـامە ڕاسـتە ، ئەگەر وات کـرد دەکەویـتە سـەر ڕێـگەی ڕاسـت ، ئیبلیسـی شـەیتان دەیەوێـت وەک خـودایەک خـۆی نیشـان بـدات بـۆیە هەنـدێک جـار شـتانێک دەخـاتە دڵەوە کە وابزانیـت لە خوداوەیە

خــودا ڕێگــای بەوە داوە شــەیتان بتــوانێ زاڵبێــت بەســەر خەیــاڵی مرۆڤەکــان ، بــۆیە ئەو خەیــاڵەی بــۆ دروســت دەکــات کە دەیەوێــت ، بــۆیە پەنــا بە خــودا بگــرە لە شــەیتانی نەفرەت لێکراو

## بەخشین:

بــراکەم پێویســتە لەســەرت ببەخشــیت ، چــونکە تورەبــوونی خــودات لــێ دوور دەخــاتەوە و لە ڕۆژی قیامەتدا دەبێتە سێبەر بۆت

## نانخواردن:

ئەگەر لەگەڵ کــۆمەڵە کەســێک نانــت خــوارد لە هەمــان دەفــردا ، ئەوا لەو بەشــە بخــۆ کە لەبەردەم خــۆتە ، ئەگەریــش هەریەکەیــان و دەفــری خــۆی هەبــوو ئەوا لە هەرکــوێی دەفــرەکەت ویســتت بیخــۆ ، کەم ســەیری ئەو کەســانە بــکە کە لەگەڵــت نــان دەخــۆن ، پارووەکانــت بــا بچــوک بــبن ، لەســەرەتای هەمــوو پــارووپەک بســم اللــە بــکە و لە کۆتاییەکەیدا سوپاسی خودا بکە ، زۆرخۆر مەبە لەکاتی نانخواردندا

## خیانەتکردن (ناپاکی):

هەرگیــز خیــانەت لە کەســێک مەکە کە خیــانەتی لێــت کــردووە ، پەلامــاری کەســێک مەدە کە پەلاماری داویت ، ئەوە بۆتۆ باشترە لەلای خودا

## خێرکردن بە ئالوبەیت :

ئاگاداربە لەوەی هەرگیز خێر نەکەیت بە سەیدێک کە لەئالوبەیتە ، دەتوانیت بە دیاری شتێکی بدەیتێ بەڵام وەک خێر نابێت ، چونکە ئەگەر نیەتی خێرکردنی لێ بهێنیت ئەوا گوناهباریت ، ئەگەر ئەوانیش لە خواردنەکەت بخۆن کە وەک خێر پێت داون ئەوا ئەوانیش گوناهبار دەبن ، تۆش ئەوکات گوناهبار دەبیت چونکە شتێکت داوە پێیان کە نەدەبوو بیاندەیتێ

## زۆرخۆری :

ئاگاداربە لەوەی زۆرخۆری زیاد لە پێویست زیرەکی و ژیری دەبات و نایهێڵێت ، ئەوەندە بخۆ کە بژیت ، و بژی بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی خودا بکەیت ، نەوەک بژیت بۆ ئەوەی بخۆیت ، مەشخۆ بۆ ئەوەی قەڵەو ببیت ، هیچ دەفرێک لە سک خراپتر نییە کە پڕ بکرێت بە خواردنی حەڵاڵ

## پێشنوێژی :

ئاگاداربە لەوەی کە ئەگەر نوێژت لە پشت ئیمامێکەوە کرد شوێنی بکەوە و پێشی مەکەوە لە نوێژەکەدا ، ئەگەریش بویتە ئیمام و پێشنوێژیت کرد ئەوا چاوت لە لاوازترین و بێهێزترینی نوێژخوێنەکان بێت و درێژە زۆر بە نوێژەکە مەدە و کەم لە کڕنوش و سوجدەدا بمێنەرەوە تاکو ماندووی نەکەیت

## ڕقت لە خودی خراپەکار نەبێت :

ئاگـــاداربە کە ئەگەر بینیـــت کەســـێک کـــارێکی خـــراپە و هەڵە دەکـــات کە پـــێچەوانەی شـــەریعەتی موســـوڵمانانە ئەوا ڕقـــت لە کـــردەوەکەی بێـــت نەوەک خـــۆی ، ئەگەریـــش بەڕاستی ڕقت لە کردەوەکەیەتی ئەوا تۆ ئەنجامی مەدە

## ئامۆژگاریەک بۆ کاتی نانخواردن :

هەرگیـــز خـــواردن مەخـــۆ کاتێـــک کەســـێک لێـــت دەڕوانێـــت بەبـــێ ئەوەی بانگهێشـــتی نەکەیت بۆ خواردنەکە و لەگەڵت نان نەخوات

## هاتووچۆی کەسانی سەرمایەدار :

هـــاتوچۆی کەســـانی ســـەرمایەدار مەکە چـــونکە ئەگەر زۆر هاتووچۆیـــان بکەیـــت دەتـــکەنە مـــوڵکی خۆیـــان و ئەگەریـــش وازیـــان لـــێ بهێنیـــت زەلیلـــت دەکەن ،خـــۆ ئەگەر بـــویتە هاوەڵیان ئەوا هەرچیت لێیان وەرگرت بیبەخشە

# پێڕست


پێشەکی ........................................ 2
پوختەیەک لە ژیاننامەی شێخ ئیبن عەرەبی ........................................ 3
بەهێزی یەکگرتن : ........................................ 7
ئەنجامدانی تاوان و شاهیدی شوێن و ئەندامەکانی جەستە لەسەر مرۆڤ : ........................................ 7
گومانی باش بردن بە خودا : ........................................ 8
یادکردنی خودا و بەرهەمەکەی : ........................................ 9
خۆت لە خودا نزیک بکەرەوە بە پەرستش و گوێڕایەڵی : ........................................ 9
بەرەنگاربوونەوەی حەز و ئارەزووەکان : ........................................ 9
ڕستەی ڕزگاربوون و باشترینی یادەکان : ........................................ 10
خۆشویستنی دۆستانی خودا : ........................................ 11
باشترین ڕێگاکانی نزیکبوونەوە لە خودا : ........................................ 12
بەها و نرخی وشە : ........................................ 14
بەسەرکردنەوەی نەخۆش : ........................................ 15
زوڵم و ستەم و زۆرداری : ........................................ 16
مافی زانایان و ڕەوشتبەرزی : ........................................ 17
خودا تاکە و حەزی بە تاکەکانە : ........................................ 20
بەخشین و لێسەندنەوەی خودا : ........................................ 21
خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز : ........................................ 22
هاوڕێیەتی کەسە چاکەکان و ئەوانەی یادی خودا دەکەن : ........................................ 22
خۆت خاوێن بکەرەوە لە ڕەزیلی و بزانە کەوا ڕزق و ڕۆزی دابەشکراوە : ........................................ 23
تێکۆشان لەپێناو دامرکانی حەز و ئارەزوو : ........................................ 23
بەرزکەرەوەی پلە و پایە و لێبووردە لە تاوان : ........................................ 24
مافی موسوڵمانان : ........................................ 24
نیشانەکانی کەسی دووڕوو : ........................................ 25
فێربوونی زانست پێویستە : ........................................ 26

دادوەری لەناو خەڵکدا :........ 26
منەتکردن :........ 26
نوێژەکان :........ 27
لەشگرانی :........ 27
خواردن هێنان لەکاتی نوێژدا :........ 28
باشترین نزاکان :........ 28
کاری چاکە :........ 28
ڕوحەکان ئازار مەدە :........ 29
تەکفیر کردن :........ 29
نەزانی :........ 29
کاری چاکە :........ 29
دەستنوێژی دووبارە :........ 30
بەدەمەوەچوونی خەڵک :........ 30
دونیانەویستی و لێبوردەیی :........ 31
هاوەڵێتی پیاوچاکان :........ 31
بەخشین :........ 31
درۆکردن :........ 32
ڕیبا لەبەرامبەر تکاکردن :........ 32
پارە خواردن :........ 33
نەفرەتکردن :........ 33
تەکفیرکردن:........ 34
ئاژەڵ بەخێوکردن:........ 34
شەیتان:........ 34
بەخشین:........ 35
نانخواردن:........ 35
خیانەتکردن (ناپاکی):........ 35
خێرکردن بە ئالوبەیت :........ 36
زۆرخۆری :........ 36
پێشنوێژی :........ 36

ڕقت لە خودی خراپەکار نەبێت :.......................................................................................................37
ئامۆژگاریەک بۆ کاتی نانخواردن :...................................................................................................37
هاتووچۆی کەسانی سەرمایەدار : ...................................................................................................37

## وەرگێڕ لە چەند دێڕێکدا :

- "هەژیر ئیسماعیل لالە ئەحمەد"
  - لە ساڵی ١٩٩٨ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە
  - بەکالۆریۆسی لە زانستی کیمیا بەدەستهێناوە لە زانکۆی سلێمانی
  - بەڕێوبەری ئەکادیمیای زانستی کوردییە
  - ئەندامی ئەنجومەنی ڕۆشنبیری کەسنەزانیە لە شاری سلێمانی
  - شارەزایی لە زانستی کیمیا و فیزیا و گەردووونناسی و گەردیلەیی و مێژوو و تەسەوف و شەرع و فیقهـ و فەرمـوودە و عەقیـدە و ئاینەکانی (مەسیحی و جولەکە و زەردەشتی و یارسانی و ئێزیدی) و مەزهەبەکانی (سوننە (شافعی و مالیکی و حەنبەلی و حەنەفی) و شیعە (جەعفەری)) و تەریقەتەکانی (قادری ، نەقشبەندی ، ڕیفاعی ، شازلی ، ئەکبەری ، ......) هەیە
  - شارەزایی لە زمانەکانی کوردی (دیالێکتی سۆرانی و بادینی و لوڕی خانەقینی) و عەرەبی (قەواعیدی و جڵفەیی) و ئینگلیزی (ئەمریکی و بەریتانی) هەیە لەگەڵ شارەزاییەکی کەم لە زمانەکانی فارسی و تورکی و هیندی
  - زیاتر لە بیست بەرهەمی لەکاتی ئامادەکردنی ئەم کتێبە بەردەستە ، لەوانەش:
    1. کتێبی حەزرەتی غەوس شێخ عەبدولقادری گەیلانی
    2. کتێبی حەزرەتی سەید شێخ ئەحمەدی ڕیفاعی
    3. کتێبی شێخ حەسەنی گڵەزەردە
    4. کتێبی دیوانی حەلاج
    5. کتێبی دیوانی ئیبن فارض
    6. کتێبی دیوانی شیبلی
    7. کتێبی دیوانی ڕەواس
    8. کتێبی دەوڵەتی نوور
    9. کتێبی فەرهەنگی ئەڵوەن
    10. کتێبی لێتەر نامە
    11. کتێبی فیرعەونی بڕوادار (وەرگیراوە لە فەرمایشتەکانی شێخ ئیبن عەرەبی)
    12. کتێبی کیمیای دولبەر
    13. کتێبی نامەی ڕێنوێنی کەسنەزانی
    14. کتێبی الهو (بەرهەمێکی شێخ ئیبن عەرەبی)
    15. کتێبی دڵۆپێک لە گوڵاو و عەنبەر لە مەولودنامەی پێغەمبەری سەروەر
    16. کتێبی گوڵستانی ئەولیا ( لە ئێستادا بەرگی یەکەم بەردەستە)
    17. کتێبی بێ هیوا مەبە
    18. کتێبی تاقیکردنەوەی کیمیایی
    19. ..... لەگەڵ چەند بەرهەمێکی تر


محمد